www.kurdistannet.org
1-5-2003 20:28

# سووڕی ژیانی کۆمۆنیستەکانی کورد لە سروشتدا

**هاوڕێ باخەوان ... لاهای – هۆڵندا**

مۆدەی کۆمۆنیستایەتی دەیان ساڵە هەر لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە بیر و مێشکی هەندێك لە تاکەکانی کوردی داگیرکردووە. .

ئەم کۆمۆنیستە کوردانە وەك هەر کەس و دیاردەیەکی تری نێو کۆمەڵگە خاوەنی سووڕی ژیانی تایبەتن بەخۆیانەوە کە هەر سووڕێکیان تایبەتە بە هەنگامێکی ڕامیاری یان خودیی ئەو کۆمۆنیستە کوردەوە.

یەکەمین سووڕی ژیانی ئەو کۆمۆنیستانە عێراقچێتی بوو بە هەموو مانایەکی وشە. بەجۆرێك نەتەوەکەی خۆیانیان بە هیچ دەزانی و پاش ماوەیەك لەبەر عەیبە و لەبەرنامەی خۆیاندا کردیانینە (ئوممە) ؟!. .

ئەم سووڕە لای هەندێکیان هەر بەردەوامە و زۆریان بەو ئاواتی عێراقە کۆمۆنیستەوە سەریانناوەتەوە. بەڵام خۆشبەختانە ئەو ئاواتەیان نەهاتەدی و هەرگیزیش نایەتەدی. ئەو دەوڵەتە کرێکارییە کۆمۆنیستە عێراقییەی ئەوانیش لە خەونەکانی دۆنکیشۆتیشدا نییە.

پاشەڕۆکی ئەم سووڕە ئەوانەن کە تاوەکو ئێستا باوەڕیان بە ئەندێشەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا هەیە و دژی لادانی دیکتاتۆر سەددامن و هەر بەهیوای ئەوەن شووراى کرێکاری و حکومەتی کرێکاری دابمەزرێنن و ناسیۆنالیزم و بیری نەتەوەیی کوردی بە شەرمەزاری دەزانن بۆ مرۆڤایەتی و. . . خۆشیان ناوناوە کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی یان ئێرانی بەبێ ئەوەی دوو عەرەب یان فارسێکیان لەناودابێت، یان عەرەب و فارس بەهیچیان بزانن و حسابیان بۆ بکەن. . . ؟!!. . .

لەم ساڵانەی دواییدا کۆمۆنیستەکانی لەمەڕ خۆمان سەرباری ئەو سووڕەی پێشوویان، سێ سووڕی تری ژیانیشیان ئافراندووە.

یەکەمیان: گەڕانەوەیانە بەرەو خواپەرستی و ئیسلامایەتی و کارێکی وایانکردووە نەعوزوبیللا ڕەخنەش لە ئەئیممەی ئیسنەی عەشەر بگرن؟!. . .

دووەمیان: هەر ئەوانەی کە لە ساڵانی پەنجا و شەست و هەفتاکاندا دژایەتیی ئێمەیاندەکرد و بە دەوڵەتی کوردییان دەگووت خەیاڵ پڵاو و هاوبیرانی بیری نەتەوەییان بەدەستنێژی ئیسرائیل و ئیمپریالیزمی ئامریکی دەزانی، کەچی ئێستێ لەباتی هەفت، چواردە بەردیان داوە بەپشتی ئێمەدا و بەجۆرێکی وا کەوتوونەتە کوردایەتی! کە زۆرڕەویی تەواوەتیی پێوە دیارە و خەریکن ئێمەش ناوزڕ دەکەن. بەڕادەیەك ئەگەر چەند بۆمبایەکی ئەتۆمیان بکەوێتە دەست بەلایانەوە ئاساییە بیدەن بەسەر بەغدا و تاران و ئەنکەرە و شامدا!.

ئەمانە زۆربەیان هەروەك چۆن کاتی خۆی لە کۆمۆنیستایەتییەکەیان بەهەڵە گەیشتن، هەرواش بەهەڵە لە کوردایەتیی ئێمە گەیشتوون. چونکە سادەترین پێناسەی کوردایەتی (خۆشویستنی کورد و گەیاندنێتی بە مافە ڕەواکانی کە ئەویش دەوڵەتی کوردییە و پێکهێنانی ژیانێکی ئازاد و یەکسان بۆ کوردستان و ڕێزگرتنی کەمە نەتەوەییەکانی نێو کوردستان و دراوسێکانیشی لەسەر پرنسیپی مامەڵەی بەرامبەر) .

دیارە ئەم سووڕە حوکمێکی ڕەها نییە بۆ ئەو کۆمۆنیستە هەڵگەڕاوانە. لەوانە تیاشیاندایە بەشێوەیەکی ئاسایی و ژیرانە بوونەتە نەتەوەیی و کوردایەتی بەپێی ئەو پێناسەیەی سەرەوە دەکەن. پیرۆزیان بێت. . .

هەڵبەت ئەم سووڕەیان بەتاکە تاکەیە و نەبینراوە باڵێکی پارتێکی کۆمۆنیست بێتە نێو پارتێکی نەتەوەییەوە.

سووڕی سێیەمیان: لە کۆمۆنیستی عێراقی و. . و ئێرانییەوە بوونەتە کۆمۆنیستی کوردستانی و لەسەر ڕێبازی کوردستانی خەباتی کۆمۆنیزمانەی کوردستانانەیان بەردەوامە. دیارە لە کوردستاندا لەمسەری ڕاست تا ئەوسەری چەپی تێدایە، بوونی کۆمۆنیستی کوردستانیش پێویستە و ئەمە یەکێکە لە باشترین دوا سووڕەکانیان لەدوای سووڕی کوردایەتییە ئاسایی و ژیرانەکەیان.

سەرکەوتووبێت هەموو خەباتێکی کوردستانی. . .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.